

سیروان حه نیفی

Sirwan_e@yahoo.se

# سوریه و مردنێک، ده مشق و عه شقێکی سوتاو

ئێواره یێک،
ئێواره یێکی تاوانبار
که هی من نه بوووووو
ده ستێک که بۆنی شه هوه تی لێ ده هات
بۆ لای تۆی ئه هێنام
به ره و باوه شی ئه و ژنه ی
ده نگی له عه شقێکی سوتاو ئه چێ و
ڕه نگی له تابلۆیێکی قه حبه
که هه ر شه وه و پیاوێک به رانبه ر خۆی دا ئه نێ و
تێر تێر به مه زه ی لێوه کانی ئاره ق ئه خواته وه،
خۆی ئه خواته وه

له م سه فه ره م وه ک چۆن جانتاکه م

بۆنی شوشە ئودکۆڵۆنێکی شکاو لە باوە شیا کاسی کردووە
منیش بۆنی سۆزانیە کانی دە مشق شێتیان کردوم
ئێوارە یێک
کە هی من نە بو
سۆزانیە کی دە مشقی لە سە ر ئە ژنۆ بە رانبە رم دانیشتبووو
پە یتا پە یتا داوای عە شقی لێ ئە کردم
پە یتا پە یتا داوای دڵی لێ ئە کردم
داوای خۆمی لێ ئە کردم

هە ر لە م ئێوارە پڕ تاوانە دابو
خۆزگە م دە خواست ئە تۆش قە حبە یێکی دە مشقی بای
جا ئە و کاتە
لە گە ڵ ئاوا بونی خۆرداو هە ڵ هاتنی تۆدااا
بە رانبە رت دادە نیشتم و
ئارە قم بە مە زە ی لێوە کانت ئە خواردە وە
عە شقم بە مە زە ی مە مکە کانت ئە خواردە وە
خۆمم بە مە زە ی تۆوە ئە خواردە وە !

ئاخ ئە ی ئێوارانی دە مشق
دە مشقی غە ریب
دە مشقی سۆزانی
ئە و دە مشقە ی کۆڵان بە کۆڵانی پڕە لە عە شقی سوتاو
جمە ی دێ لە پیاوی وە ک من شکاووو
وە ک تۆ بێ ناو
هە ر ئێوارە یێکی تۆ بو
نورانییک کە سیمای لە پێغە مبە رە کان ئە چو
خە مە کانی بە بزە وە پێم ئە فرۆشت
پە یقینی لە گە ڵما بە گۆرانی بو
سۆزانییک کە داوێنی بۆنی نیشتمانی لێ دە هات

یه ک له سه ر یه ک باوه شی پێدا ئه کردم و
ئازاری به پێکه نینه وه پێم ئه فرۆشت
خۆی به فرمێسکه وه ڕوت ئه کرده وه
ئاخ له م رۆژه قاتڵه و له م ئێواره تاوانباره
که هیچیان هی من نه بوون
خۆم به خۆمم ئه وت بریا ئه تۆش ده مشقی بای
سۆزانییه کی بێ ناونیشان
دڵت به عه شقه وه پێ بفرۆشتایم
دڵت به دڵه وه لێ کڕیبایم
مه زه م به تۆوه ئه خوارد و مه ست ئه بوم
ئه و کات چیدی فریای جانتا کڕین نه ده که وتم
کراسی براکانم به برای قه حبه کان ئه به خشی و
بۆ نه کانی دایکم به ژنه کانی به ر ده رگاو
قه ڵه م و ده فته ری برازاکانم به و منداڵانه ی
شه وانه له گه ڵ خۆشکه کانیان
خۆ ده که ن به ماڵی پیاوه تاوانباره کاندا
پیاوه شکاوه کان خۆ ده که ن به ماڵیاندا
..............
دڵم وه ک ئه و په نجه ره یه ی لێ هاتووه
شوشه شکاوه که ی به جله شڕه کانی به رمان ئه گرینه وه
با که س گوێ له هه نسکه هه نسکمان نه بێت
هی تاوان،
! یان گریان
من چه ند له م گه ڕه که شاره زام
بێ ئه وه ی بۆی بگه ڕێم ئه یدۆزمه وه
چۆن درگاکان ئه ناسمه وه، ئه مناسنه وه
بێ ئه وه ی لێیان ده م به ڕۆخمدا ئه کرێنه وه
ئه ی ئینسانی ئێواره تاوانباره کان
ده پێم بڵێن

**ئه م هه مو عه شقه سوتاوه**
**به چی مه ڵهه م ده کرێ**
**ئه م هه مو تابلۆ قه حبه یه**
**به کێ ڕاده گوێزرێ بۆ به ر ده رگای به هه شت**
**به کێ ڕاده گوێزرێ؟**
**به کێ ێ ێ ێ ێ ؟؟؟**

2006.09.08